IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin


## شارەکانی کوردوستان و باکووری عێراق

- موصل، ڕووبەرەکەی 37323 کیلۆمەتری چوارگۆشە،
- کەرکوک، ڕووبەرەکەی 19373 کیلۆمەتری چوارگۆشە،
- هەولێر، ڕووبەرەکەی 15870 کیلۆمەتری چوارگۆشە،
- سلێمانی، ڕووبەرەکەی 15756 کیلۆمەتری چوارگۆشە،
- دهۆک، ڕووبەرەکەی 6553 کیلۆمەتری چوارگۆشە

**موصل**
گەورەترین شاری باکوورە و 400 کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە دوورە و ئەکەوێتە لای ڕاستی دیجلەوە. شارەکە سەنتەری ئاشوورییەکان بووە لە سالانی 704 بۆ 612 ی پێش زایین دا.
ژمارەی دانیشتوانەکەی پتر لە 2 ملیۆنە و زۆربەیان کورد و عەرەبن و بەشێکیش لە نەتەوەی تورکومان لە موصل ئەژین.
چاڵە نەوتەکان لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوەن. شارەکە بە چنین و کارگەی چیمەنتۆ و کارگەی شەکر بە ناوبانگە، فڕۆکەخانەی هەیە و هێڵی شەمەندەفەر ئەیبەستێتەوە بە وولاتی تورکیا و شاری بەغدادەوە.

**هەولێر**
نزیکە لە سنووری ئێران و تورکیاوە. نزیکەی 80 کیلۆمەتر لە شاری موصڵەوە دوورە. ژمارەی دانیشتوانەکەی پتر لە 1 ملیۆن کەسە. شارەکە بە قەڵای هەولێر، کە شارستانییەتێکی کۆنی جیهانە، بەناوبانگە.
هەولیر لەنێوان ڕووباری زابی گەورە و زابی پچووک دا درووست بووە و پایتەختی کوردوستانە.

**کەرکوک**
شارێکە نەوتی زۆرە، هێڵێکی بۆری نەوتی ئاسنینی، کەرکوک ئەبەستێتەوە بە شاری جیهانی تورکییەوە، کە ئەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست. زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە کوردن. أحتیاطی نەوتی شارەکە توانای درووستبوونی وولاتێکی سەربەخۆ بە کوردوستان ئەبەخشێت. بەشێکی دانیشتوانی شارەکە عەرەب و تورکمانن.
کەرکوک 275 کیلۆمەتر لە بەغداوە دوورەو ناکەوێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە. ذانیشتوانەکەی نزیکەی 900000 کەس دەبن.
ئەمڕۆ لە30%ی شارەکە کورد و لە 17%ی تورکمان و ماوەکەت تری عەرەبن.

**سلێمانی**
لە ساڵی 1784 دا لە لایەن بابانەکانەوە درووستکراوە و 180 ساڵ درێژەی کێشاوە، لە ساڵی 1851 دا لە لایەن عوسمانییەکانەوە داگیر کراوە.
سنوورەکەی لە باکوورەوە هەولێر و لە ڕۆژئاواوە کەرکوک و ڕۆژهەڵاتی شارەکەش وولاتی ئێرانە. ژمارەی دانیشتوانەکەی پتر لە 1.5 ملیۆن کەسە. شارەکە بە کانزای فۆسفۆر و ئاسن و کرۆم بەناوبانگە.

دهۆک
73 کیلۆمەتر لە شاری موصڵەوە دوورە و لە ناوچەکانی بادینانە. ساڵی 1842 لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە داگیر کراوە.
ساڵی 1969 لە لایەن وولاتی عێراقەوە کراوە بە پارێزگا. ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 820000 کەسە.
لە ناوچەکەدا نەوت هەیە و شارەکەش بە درووستکردنی خۆراکی ئامادەکراو [قوتو] بەناوبانگە.

Saiwani

**پێگەی جیۆگرافی کوردوستان**

کوردوستان ئەکەوێتە نێوان هێڵی 34.5 بۆ 37.0 پلەی پانی سەروو لەگەڵ 41.2 بۆ 46.3 ی درێژی ڕۆژهەڵات.
شاخە بەرزەکان و زنجیرە چیاکان لە باکوریەوە کە بەهۆی بورکانەوە لە چەرخە جیۆلۆجییەکاندا درووست بوون، سنووری کوردوستان پێکدەهێنن.
بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات بەرزی شاخەکان زیاد دەکات و بەرەو باشوور کەم ئەکات.
شاخەکانی کوردوستان درێژکراوەی شاخی ئەراراتن و لێیانەوە زنجیرەشاخەکانی بادینان و سۆران یان لێ درووست ئەبن.
بەرزی شاخەکان لە سەروو ئاستی دەریاوە لە باکوورەوە لە نێوان 2000 بۆ 3500 مەتر و بەرەو باشوور لەبەرزی 1350 مەتر دا ئەبن. ئەم شاخانە بە ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا ئەکشێن لە زاخۆوە تا حەمرین، شاری ڕەواندوز تێئەپەڕێنن و بە دەوری شاری سلێمانی دا ناوچەکانی سەروو ڕۆژهەڵاتی کوردوستان پێکدێنن. لە دواییدا ئەم چیایانە لەگەڵ زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە ئێران یەک ئەگرنەوە.
شاخی گارا لە خوارووی شاری دهۆک نزیکەی 2160 مەتر بەرزەو شاخی حەسارۆست لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی هەولێر 3690 مەتر بەرزەو شاخی هەورامانیش لە ناوچەی سلێمانی نزیکەی 2900 مەتر بەرزە.

ناوچە تەختانییەکان لە ئاستی شاری موصڵ دا ئەکەونە نێوان شاخەکان لە ڕۆژهەڵات و بیابانەکان لە ڕۆژئاواوە. پێگەی جیۆگرافیایان ئەکەوێتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە.
ئەم ناوچانە لە ئاستی شارەکانی هەولێر و کەرکوک دا ئەکەونە نێوان ڕووباری زابی گەورە و زابی پچووک و ڕووباری عوزێمەوە. ناوچە تەختانیەکان بە خوارووی شاری سلێمانی دا تێئەپەڕن لە دەوروبەری ڕووباری سیروان دا و بە هەموویان ناوچەیەکی چارەک بازنەیی پێکدەهێنن.
بەهۆی ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبار و بەنداو ناوچەیەکی بەپیت لە نێوان دا درووست بووە و دانیشتوانێکی زۆر تیایدا نیشتەجێ بوون. چاندنی ترێ و دانەوێڵە و گەڵا توتن لەم ناوچانەدا باوە. دارگوێزەکان دارستانێکی چڕوپڕ بە ناوچەکە ئەبەخشن.

**ئاووهەوای کوردوستان**

زیاتر زستانەکەی سارد و هاوینەکەی گەرمە. کوردوستان ئاووهەوای دەریای سپی ناوەڕاستی هەیە، ناوچە شاخاوییەکانی باکوور زستانێکی ساردوبەفراوی و ناوچەکانی باشوور ئاووهەواکەی ووشکە.
پلەی گەرمایی ناوچە تەختانیەکانی نێوان ڕووباری دیجلە و فورات لە هاوین دا ئەگاتە 50 پلەی سەدی، ئاووهەواکەی گەرم و تەڕ و شێدارە.
وەرزی زستان لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەرە وە تا کۆتایی مانگی ئەپرل ئەخایەنێت، تیایدا بەفر و باران ئەبارێت. پلەی گەرمی نزم ئەبێتەوە بۆ کەمتر لە 10 پلەی سەدی.
ڕێژەی باران بارین لە شاخەکان دا تاکو 1200 ملیمەترە لە ساڵێک دا. بە پێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی لە کۆتایی ساڵی 2004 دا ڕێژەی باران بارین لە سلێمانی 824 ملیمەتر بووە لە ساڵەکەدا. بەپێی ڕاپۆرتەکە ئاسمانی شارەکە لە ساڵەکەدا هەوراوی بووە و ئاووهەوای شارەکە گۆڕاوە و پلەی گەرمی بە ڕێژەی 6 پلەی سەدی دابەزیوە و ڕێژەی شێی هەوا کە لە نێوان 50 بۆ 70% ی بووە بە بەبەراوورد لەگەڵ ساڵی 2003 دا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بە شا دەماری عێراق دائەنرێن کە بەهۆیەوە زەوییەکی بەپێت بەرهەم هاتووە. هەردوو ڕووبارەکە بووە بە گەرەنتی بۆ ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە.
ناوچەی بین ألنهرین بە بەپیت ترین شوێن دائەنرێت لە ناوچەکەدا. لیتە و قووڕاوی ڕووبارەکان و زێ یەکان ناوچەیەکی تەختانی نەرمی بەپیتی لەدوای خۆی جێئەهێڵێت، بە تایبەتی لە ئاقاری شاخەکان دا کە بووە بەهۆی چڕ بوونی دانیشتوان تیایدا.
سەرچاوەکەشی لە ناوچەی جزیرەی نزیک شاری ماردین لە تورکیا دەست پێئەکات و بە دەوری شاخی تورعابدین ی تورکی دا دەپەڕێتەوە بۆ ناوچەی بین ألنهرین.

ناوچە تەختانیەکانی جزیرە لە نێوان دیجلە و فورات دا ئەمێننەوە و بەرەو باشوور ئەکشێن تا لای شاری سامەڕا لە خوارووی کەناری دیجلەوە ئەگەنە شاری هیت. ئەم ناوچەیە هەندێ شاری تر لەخۆی ئەگرێت وەکو شاری نوسەیبین لە تورکیا و قامیشلو حەسەکە و دیرألزور لە سوریا و شاری موصڵ لە عێراق.
هەرچەندە زۆربەی ناوچە بەپیتەکان بەبێ چاندنی کشتوکاڵ ماونەتەوە، بەڵام لە هەندێک جێ چاندنی دانەوێڵە و ترێ لەم ناوچانەدا بەدی ئەکرێت.
سەرچاوەی هەموو ڕووبارە ناوەندییەکان لە کوردوستانی عێراق لە شاخەکانی ئەرارات و هەکاری یەوە هەڵئەقوڵێن. قووڕ و لیتەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیان بەرەو باشوور هەڵئەگرن و ناوچەیەکی بەپیت لەدوای خۆیان بەجێ ئەهێڵن، کە بژێوی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە دابین ئەکات و ئەبێتە هۆی خێرا زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانەکەی.

Saiwani

IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

**ڕووباری فوڕات:** سەرچاوەکەی لە تورکیاوە هەڵئەقوڵێت، بە سوریادا تێئەپەڕێت و ئەگاتە عێراق، لە گرمەت عەلی لەگەڵ ڕووباری دیجلە تێکەڵ ئەبێت و شط ألعرب درووست ئەکەن. درێژی ڕووباری فوڕات 2350 کیلۆمەترە.

**ڕووباری دیجلە:** 1920 کیلۆمەتر درێژە و لە ناوچەی بادینان ڕووباری فیشخابووری تێئەڕژێت. دیجلە نزیکەی 600 کیلۆمەتر بە کوردوستانی عێراق دا تێئەپەڕێت، بەرەو باشوور ئەکشێت تا لە گرمەت عەلی لەگەڵ فوڕات تێکەڵ ئەبیت.
بەنداوەکانی سەر ڕووبارەکان لە تورکیا ئەبن بەهۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئاوی ڕووباری دیجلە و فوڕات لە عێراق دا.

زابی گەورە: 650 کیلۆمەتر درێژە، ژمارەیەکی زۆر لە جۆگە و ڕووبارۆچکەی تێئەڕژێت وەکو: کەسەر، گۆمل، ڕەواندوز، گەلی عەلی بەگ. ڕووبارەکە لە نزیک شاری نەمرود ئەڕژێتە دیجلەوە.

زابی پچووک: 250 کیلۆمەتر درێژە، پێکدێت لە ڕووبارۆچکەکانی سیروان، شلێر، قزڵجە، کە هەموویان ئەڕژێنە زێ ی دووکان ەوە. ئەم زێ یەش لە نزیک شاری فەتحە ئەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.

عوزێم: لە چەند ڕووبارێک پێکدێت وەکوو: خاسە، دهۆک، ئاوەسپی و ڕۆحان. عوزێم لە نزیک شاری بەلەد ئەڕژێتە دیجلەوە.

سیروان: 450 کیلۆمەتر درێژە، لە چەند ڕووبارۆچکەیەک پێکدێت وەکوو تانجەرۆ و شەک مەیدان و شەمێران. 31 کیلۆمەتر لە خوارووی شاری بەغدادەوە، عوزێم ئەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.

Saiwani

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

## دانیشتوانی کوردوستان و باکوری عێراق

کوردوستانی عێراق بە ڕێژەی ڕووبەری زەوییەکەی دانیشتوانەکەی چڕ و زۆرە و نیشتەجێی شارەکانی وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆکن. لە کۆی نزیکەی 23 ملیۆن کەس لە دانیشتوانی وولاتی عێراق، زیاتر لە سێ چارەکیان عەرەبن و یەک لەسەر پێنجیان کوردن. زمانی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەرەکییەو لە ناوچەکانی موصڵ و کەرکوک، زمانی عەرەبی سەرەکیە.
لەگەڵ کوردو عەرەب دا لە ناوچەکەدا، کەنە نەتەوایەتی وەکو تورکمان و ئاشوری و ئەرمەنی و ئێرانی هەیە.
85%ی دانیشتوانی باکوری عێراق موسولمانن، لەوانە 90%یان سوننەن.

لە پێکهاتەکانی تر8%یان مەسیحین، کە ئەوانیش ڕێڕەوی ئایینیان جیاوازە و 7%تریان پێکهاتون لە جوولەکە و بەهایی و یەزیدی و ماندەری.
نزیکترین سەرژمێریاری ناوچەکە ئەگەڕێتەوە بۆ پێش 50 ساڵ لەمەوبەر. لە ساڵی 1937 دا دانیشتوانی عێراق 6 ملیۆن کەس بوون، کە لە عەرەب و کورد و تورکمانی ڕەسەنی ناوچەکە پێکهاتبوون.
لەدوای کۆتایی هێنانی ئینتیدابی بەریتانی لەسەر عێراق، لە ساڵی 1948 دا ژمارەی دانیشتوانی عێراق زیادی کرد و بوو بە نزیکەی 7 ملیۆن کەس، هەرچەندە ئەم ژمارەیەش زۆر بڕواپێکراو نەبوو.

لە ساڵی 1957 دا، سەرژمێری یەکی تر لە عێراق ئەنجام درا کە تیایدا سەرژمێری 9.5 ملیۆن کەس کرا. بۆ ئاسانکاری سەرژمێری یەکە ناوچەکانی وولات کران بە چەند پێگەیەکی ئیدارییەوە و لە شارە گەورەکان دا، شەقامەکان ناونران و خانووەکان ژمارەیان بۆ دانران. لە سەرژمێرییەکەدا کار بە لیستی خانەوادە کرا کە تیایدا ژمارەی ئەندامەکانی خێزانەکە و کارەکانیان تۆمار ئەکران.
بەپێی ڕای چاودێران ، ئەم سەرژمێری یەش لە ڕاستییەوە نزیک نەبوو، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق بەتایبەتی باکووری وولات لە ئێرانەوە هاتبوون و نیشتەجێی عێراق بووبوون. ئەمانە یان نەئەچوون بۆسەرژمێری یان زانیاری تەواویان لەبارەی خۆیان و خانەوادەکەیانەوە نە ئەدا بە فەرمانبەرانی سەرژمێریاری یەکە.
گرفتێکی تر، سەرژمێری دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان بوو، کە نە بە سەیارە و نە بە ماشێنی تر ئەتوانرا سەردانیان بکرێت.
بۆ ئەمەش ڕاپۆرتی موختاری دێ کان بە هەند وەرئەگیرا و لە ڕاستی و درووستییان نەئەکۆڵێنرانەوە.

کۆی ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی عێراق لە ماوەی 20 ساڵ دا، واتە لە ساڵی 1958 بۆ 1978 بە لە 20%دا خەمڵێنرا بوو.
لە ساڵی 1980 دا عێراق بریتی بوو لە 12 ملیۆن کەس و لە ساڵی 1990 دا نزیکەی 16 ملیۆن کەس و لە ساڵی 2000 دا 22.5 ملیۆن هاووڵاتی دانیشتووی عێراق بوون. وا چاوەڕوان ئەکرێت، کە دانیشتوانی عێراق لە ساڵی 2017 دا بگاتە نزیکەت 40 ملیۆن کەس.

ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عێراق لە دەوروبەری بەغدای پایتەخت نیشتەجێن، کە بە لە نزیکەی 25% مەزەندە ئەکرێت. لە 25%ی تریشی دانیشتووی باکووری وولاتن.
بەپێی زانیاری UNO نزیکەی 4 ملیۆن عێراقی لە دەرەوەی وولاتەکەیان ئەژین، هەرچەندە ژمارەی بێگانە لە عێراق کەمن.

زمانی بەڕێوەبردن لە عێراق دا کوردی و عەرەبی یە. ئایینی وولاتکە ئیسلامە کە 62.5%یان شیعە مەزگەبن و 34.5%یان سوننە مەزهەبن و 2.7%یان مەسیحین و 0.3%یان ئاییزای ترن. دراوی وولاتەکە دیناری عێراقی یە.

### پێگەی ئیداری شارەکانی کوردوستان و باکووری عێراق

پێگەی ئیداری لە کوردوستان و باکووری عێراق بەم شێوەیەیە:
شارەکان کە پارێزگار فەرمانڕەواییان ئەکات،
قەزاکان کە قائیمقام بەڕێوەیان ئەبات،
ناحییەکان کە بەڕێوەبەری ناحیە ئیدارەیان ئەکات.

لە ئێستادا کووردوستان لە سێ شار و باکووری عێراو بە کوردوستانەوە لە 5 شار پێکهاتووە، کە لە لایەن مەجلیسی پارێزگاو قەزاو ناحییەکانەوە بەڕێوە ئەبرێن. دێهاتەکان موختاریان بۆ دانراوە کە سەر بە ناحییەکانن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە قایمقامی قەزاکان و مدیر ناحییەکانەوە هەیە. موختارەکان کاروباری دانیشتوانی دێهاتەکان خێبەجێ ئەکەن.
ژمارەی دانیشتوانی قەزاکان لە 10000 کەس پترترن و ژمارەی دانیشتوانی ناحییەکان لە سەرو 5000 کەسەوەن.

حکومەتی عێراق لەبەر هۆکاری سیاسی ناوخۆی وولات، چەندەها جار ناوی شارەکانی عێراقی گۆڕیوە و لە 20 ساڵی ڕابووردودا پێگەی ئیداری هەندێک لە شارەکانیشی گۆڕیوە، بە پێچەوانە و دژ بە جێگیرکارییەکانی سەرژمێری ساڵی 1957.

لێرەدا هەندێک لە ناوی قەزا و ناحییەکانی شارەکانی کوردوستان ئەخەمە ڕوو:

**قەزاکانی شاری سلێمانی بریتین لە:**
بازیان، هەڵەبجە، پێنجوێن، شاربازێر، دوکان، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، کەلار، پشدەر و ڕانیە،
**قەزاکانی شاری کەرکوک بریتین لە:**
کفری، دوبز، دوز،
**قەزاکانی شاری هەولێر بریتین لە:**
عەینکاوە، شەقلاوە، حەریر، خۆشناوەتی، صلاح ألدین، مەخمور، کۆیە و ڕەواندوز،

بەپێی سەرژمێریاری ساڵی 1957 و ساڵی 1965:

**ناحیەکانی شاری سلێمانی بریتین لە:**
تانجەرۆ، سەرچنار، قەرەداغ، خورماڵ، ناودەشت، مەرگە، بیارە، سەردەشت، شارەزوور، چنارە، سیوەیل، قەڵادزە، ماوەت، سووروداش و گەرمیان.
**ناحیەکانی شاری کەرکوکیش بریتین لە:**
قەرەحەسەن، ئاڵتون کۆپری، حەویجە، شوان، کەلار، قەرەتەپە، شێروانە، ئاغجەلەر، سەنگاو، دوهۆک، قادرکەرەم و ئامرلی،
**ناحیەکانی شاری هەولێریش بریتین لە:**
گوێر، قەشتەپە، قەراج، کەندیناوە، تەق تەق، زێبار، بەرزان، مووزوری باڵا، دیانا، خەلیفان، برادۆست و باڵەکایەتی.

ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی باکووری عێراق بەپێی سەرژمێریاری ساڵی 1957 بەم شێوەیەیە:

| شار | عەرەب | کورد | تورکمان | کلدۆئاشوور | ڕەگەزی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **موصل** | 423548 | 232206 | 36079 | 46175 | 17469 | **755447** |
| **هەولێر** | 1795 | 243335 | 6873 | 4689 | 581 | **273383** |
| **سلێمانی** | 3285 | 299936 | 0 | 0 | 1676 | **304892** |
| **کەرکوک** | 19620 | 187593 | 83371 | 1605 | 665 | **388829** |
| **کۆی گشتی** | **448218** | **963070** | **126323** | **52469** | **20389** | **1722551** |

بەراوورد لە نێوان ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی باکووری عێراق بەپێی سەرژمێریاری ساڵی 1957 و 1965 بەم شێوەیەیە:

| شار | سەرژمێری 1957 | سەرژمێری 1965 | ڕێژەی زیادبوون | چڕی دانیشتوان ساڵی 1995 |
|---|---|---|---|---|
| **موصل** | 755447 | 954157 | %26.3 | 71,3 $E/Km^2$ |
| **هەولێر** | 273383 | 360285 | %31.7 | 88,21 $E/Km^2$ |
| **سلێمانی** | 304892 | 408220 | %33.9 | 107,89 $E/Km^2$ |
| **کەرکوک** | 388829 | 462027 | %18.82 | 46,46 $E/Km^2$ |
| **کۆی گشتی** | 6298976 | 8261527 | | |
| | 3206241.77 | 4205199.86 | ژمارەی نێرینە: | **%50.901** |
| | 3092734.23 | 4056327.14 | ژمارەی مێینە: | **%40.99** |

بۆ ئاسانکاری ئەتوانرێت ژمارەی دانیشتوان مەزندە بکرێت، ئەگەر ژمارەی خانووەکان و ئەندامانی خێزانەکانی ناوی، بزانرێت، کە بە لە یەکدانیان ژمارەیان دەرئەکەوێت. بەڵام ئایا لە باکووری عێراق پرۆسەی لەدایک بوون و تۆمارکردنی ناو لە فەرمانگە ڕەسمییەکان دا کۆنترۆڵ ئەکرێت و ئەخرێتە ناو نووسراوە ڕەسمییەکانەوە، وەڵامەکەی نەخێر.
ئەگەر ڕێژەی چڕی دانیشتوان بە 73.39 کەس بۆ هەر یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە بەپێی خشتەی ئامارەکانی سەرژمێری ساڵی 1957 و ساڵی 1965 بخەمڵێنرێت، ئەوا باکووری عێراق لە ساڵی 2015 دا پری و چڕی دانیشتوانی پێوە دیار نابێت، بەهۆی ڕاگواستن و بە عەرەب کردنی ناوچەکە، پێگەی ئیداری باکووری عێراق بە شێوەیەک شێوێنراوە، کە نەک سەرژمێری ساڵانی شەستەکان بە ئامار ئەژمار ناکرێن، بەڵکوو سەرژمێری ساڵانی نەوەکانیش ڕاست نین، چوونکە هەرێمی کوردوستان تیایدا بەشداری پێنەکراوە.